www.kurdistannet.org
7-10-2006 8:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەیوب عەلی بە ماڵ ئاوایی خەڵاتێکی تر پێشکەش بە هونەری گەلەکەی دەکات.. ڕەوەز دەرگەڵەیی

بەریتانیا



هونەرمەندی دەنگ خۆشی گەلەکەمان (ئەیوب عەلی) لە ئەلبومێکی تر و لە داهێنانێکی تر عاشقان و هەوادارانی شاد دەکاتەوە بە دەنگی زێرین و پڕ لە سۆزی خۆی. جێگای ئاماژەیە کە ئەیوب عەلی خاوەن ستایل و دەنگ و ئاوازێکی تایبەت بە خۆیەتی، پێدەچێت کە ئەم ئەلبومە نوێیەش گەواهێکی تر بێت بۆ ئەمە، کە ئەم بەرهەمە تازەیە لە یازدە گۆرانی پێك هاتووە بە ناوی (ماڵئاوایی) کە خۆی دانەری زۆربەی ئاوازەکانە و لەگەڵ ئاوازێکی کاك گۆران کامل و چەند ئاوازێکی فۆلکلۆر کە بە هەردوو زاراوەی کرمانجی و سۆرانی تۆمارکراون. خۆی دانەری زۆربەی هۆنراوەکانیشە و لەگەڵ چەند هۆنراوەیەکی شاعیر (ئەدیب چەلکی) کە بە زاراوەی کرمانجی نوسراون. لەم ئەلبوومەدا هونەرمەند هیچ گۆرانیەکی کلیپ نەکردووە بەڵام لە کاتێکی نزیکیشدا دەبینە بینەری کلیپی یەکێك لە گۆرانیەکانی ئەم بەرهەمە تازەیە. ئەم ئەلبومە لە سەر ئەرکی ڕادیۆی نەوا چاپ و بڵاو دەکرێتەوە لەم چەند ڕۆژەی داهاتوودا. ئەوەی شایەنی باسە ئەم ئەلبومە بە هاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری بەرهەم هاتووە و بەشێکی زۆری خەرجیان گرتۆتە ئەستۆ، هونەرمەند لە ڕێگای ئەم هەواڵە سوپاس و پێزانینی خۆی دەردەبڕێت بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەڕێز فەتاح زاخۆیی کە یارمەتی دەرێکی زۆر کارا و پێویست بوو بۆ ئەم کارە نوێیە، و سوپاس بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە یارمەتیدەر بوون لەم بەرهەمە تازەیە. هیواداریین کە ئەم ئەلبومە دووربێت لە دەردی کۆپی کردن، بۆ ئەوەی کە هونەرمەندیش بتوانێت زیاتر خزمەتی هونەری گەلەکەی بکات و بتوانێت هەموو ساڵێك بە کۆڵێك لە ئاواز و شاکاری نوێ بێتەوە خزمەت عاشقان و شەیدایانی. ئێمەش دەستخۆشی لە هونەرمەند دەکەین و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.